

# کۆنترۆڵی گەیمی تایبەت بە سیستەمی ئایۆس 7

سیســـتەمی بەگەڕخەری ئەپل واتە سیســـتەم (iOS7) سیستەمێکی جیایە لە سیستەمی ویندۆزی مایکرۆسۆفت، بۆیە ئەو ئامێرانەی بەرهەمیش دێن بۆ هەرکامیان دەبێت تایبەتمەندیی خۆی هەبێت. لەم ڕۆژانەدا کۆنترۆڵێکی نوێی تایبەت بە مۆبایلی ئایفۆن مۆدێلی C5,S5,5 و هەروەها ئایپادی نەوەی شەشەم بەرهەم هاتووە. ئەم کۆنترۆڵە لە ڕێگای پۆرتی Lightening بـــە ئامێرەکانی ناوبراو پەیوەندی دەدرێـــن. کۆنترۆڵەکە دوگمەکانی جووڵە پێکردن، هیدفۆن و دوگمەکانی L1/R1 و L2/R2 هەیە. کۆنترۆڵەکە لە تەکنەلۆژیای MOGA Boost ســـوود وەردەگرێت و بەهۆی تەکنەلۆژیای ناوبراو، ئایفۆن یان ئایپادەکەی بە شـــێوەیەکی ئۆتۆماتیك شـــەحن دەبێتەوە. هەروەها شاشەیەکی تایبەت بە نیشاندانی باتری ئامێرەکە لەسەر کۆنترۆڵەکە هەیە کە ڕێژەی شەحنکردنەوەی باتری نیشان دەدات.



# بۆ ئامێرە دیجیتالییەکان پێویستە

گرنگترین بەشــی هەر ئامێرێکی دیجیتالی باترییەکەیەتی، چونکە بەبێ باتـری ئامێرەکان کار ناکـەن، هەربۆیە دابەزینی شەحنی باتری بەمانای لەکارکەوتنی ئامێرەکەیە. کۆمپانیای جاکێری کە چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی شــەحنی بێ وایەر چڕ کردۆتەوە، لەم دواییانــەدا نوێترین ئامێری شــەحنکەرەوەی تایبەت بە ئامێــرە دیجیتالییەکانی بەرهەم هێناوە. ئامێرەکە کە بە jackery fit ناسراوە، لــە ئەلۆمینیۆم چێکراوە و کێشــەکەی تەنیا 206 گرامە. دوگمەی پــاوەر و گلۆپێکی LED لەســەرە بۆ نیشاندانی ڕێژەی شــەحنبوونەوەی ئامێرەکە. بەهۆی ئەو شــەحنکەرەوەیە دەکرێت چەند جارێك مۆبایل یان تەبلێتەکەتان شەحن بکەنەوە. هەروەها چەندین ئامێرێکیش پێکەوە شەحن دەکاتەوە.

# شەحنکەرەوەی وایەرلەیەسی نۆکیا

کۆمپانیـــای نۆکیا مانگـــی رابردوو شـــەحنکەرەوەی وایەرلەیســـی خۆی بەناوی DC-50 لە پیشانگای nokia world خستەڕوو.

شەحنکەرەوەی وایەرلەیسی ناوبراو دەتوانێت بۆ گەشتکردن و ئەو شـــوێنانەی کـــە وزەی کارەبایان لێ نییە زۆر گونجاو بێت. کێشـــەکەی تەنیا 150 گرامە و سێ جۆری هەیە. بـــۆ شـــەحنکردنەوەی ئامێرەکانی نۆکیـــا بەتایبەتی مۆبایلەکانـــی زنجیـــرەی لۆمیـــا زۆر گونجاوە و پێویستی بە هیچ وایەرێك نییە هەر ئەوەندە بەســـە کە یەکێـــك لـــەو ئامێرانە لەسەر ئەو شـــەحنکەرەوەیە دابندرێت.







# نوتی بووکە دوانەکەی لینۆڤۆ

نوتی بووك واتـــە لاپتۆپی وردیلە لاپتۆپ لە ســـایزی بچووکدا، ماوەیەکە بە پەرەسەندنی تەبلێت ئەو گرنگییەی جارانی نەماوە، کۆمپانیای لینۆڤۆ بۆ ئەوەی کە ســـەرلەنوێ بازاڕی نوتی بوك گەرمبکاتەوە، هاتووە بەرهەمێکی نوێی بەنـــاوی IdeaPad Flex بەرهەم هێناوە، ئامێرێکی دیجیتالی ســـەرەڕای ئەوەی کە وەك نوتی بووك دەکرێت ســـوودی لێوەربگـــری، دەکرێت بە سووڕانی 360 پلەی شاشەکەی بکەی بە تەبلێت. ئەوکاتەی کە نوتی بووکە، کیبۆردێك و تاچ پەدێکی هەیە و ئەوکاتەی کە تەبلێتیشە شاشەیەکی لەمسی هەیە.

شاشـــەی نوتی بوکە دوانەکەی لینۆڤۆ 14 ئینجە، و کێشـــەکەی 2 کیلۆیە و سیستەمی ویندۆز8ی لەسەرە. رامەکەی 4 گیگابایتە و سپیکەرەکانی پێشکەوتوون و دەتوانین سیستەمی دەنگی Dolby بڵاوبکەنەوە. باترییەکەی 6 کاتژمێر وزە لەخۆیدا رادەگرێت.




# فلاش میمۆرییەکی بەهێز لە بواری ئەمنییەتییەوە

فـــلاش میمـــۆری لەگـــەڵ ئەوەیدا کـــە گونجاوترین ئامێرە بۆ راگواســـتن و هەڵگرتنـــی داتاکان، بـــەڵام بەهۆی قەبارەی بچووکییەوە، ئەگـــەری ون بوون و دزرانی زیاترە. لەراســـتیدا فـــلاش میمۆری وەك چەکێکی دەســـتی هاککەرەکانیـــش ســـوودی لێوەردەگرێت بـــۆ دزەکردن ناو تۆڕەکانـــی بانك یان ئیدارەیەك یان شـــوێنێکی گرنگ و هەستیار...

کۆمپانیایەك بۆ چارەســـەری ئـــەم گرفتانەی بەهۆی فلاش میمۆرییەوە چێ دەبن، فلاش میمۆری جۆری data traveler vault privacy بەرهـــەم هێناوە، کە تواناکانی وەك پەســـۆرد لەســـەردانان، بوونی ئەنتی ڤایرۆس لەناو فلاش میمۆرییەکەدا ، هەروەها سیســـتەمی بەرگری لە ئاســـت دزەکردنی ترۆجان و ڤایرۆس و کرمی کۆمپیوتەریدا هەیە.




# چەند زانیارییەک لەسەر پێنووسی ژیرۆکی لایڤ

نزیك بە سێ ساڵ دەبێت پێنووســـێکی هۆشمەند لەلایەن کۆمپانیای (Livescribe) بەرهەم هاتووە، پێشتریش لەکاتی بەرهەمهاتنیدا زانیاریمان لەبارەی پێنووسەکەوە بڵاوکردبۆوە، بەڵام لە ڤێرژنی نوێی قەڵەمەکەدا گۆڕانکاریی زۆر و خزمەتگوزاریی نوێی پێوە زیادکراوە. پێنووسەکە ئەوەی بینووسی لە خۆیدا خەزنی دەکات و پاشان دەیکاتە فایلێك و دەیگوازێتەوە بۆ کۆمپیوتەر. بەڵام ئێستاکە دەکرێت فایلەکان بۆ مۆبایلیش بگوازیەوە. دیزاینی قەڵەمەکە ئێستاکە بەتەواوی لە پێنووســـێکی راستەقینە دەچێت. هەرچی بەو قەڵەمەی بنووسیت بە کەمتر لە چرکەیەك بۆ مۆبایلەکەت دەگوازرێتەوە. چەندین خزمەتگوزاریی گرنگ کە لەو پێنووســـەدا هەیە ئەوەیە بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی مۆبایلێك بەو قەڵەمە بنووسیت ئۆتۆماتیکی ژمارەکە دەچێتە ناو ریزی ژمارە تۆمارکراوەکانی مۆبایلەکەت. یان ئەگەر ئەدرەســـی ئیمێلێك بنوسیت راستەوخۆ دەکرێت پەیوەندی بەو ئیمێلەوە بکەیت، یان ئەگەر ناونیشـــانی شـــوێنێك بنووســـیت راستەوخۆ دەتوانیت نەخشـــەی ئەو شوێنە لەســـەر مۆبایلەکە ببینیت، هەروەها ئەوەی نووســـیوتە دەکرێت بیکەیت بە فایلێکی PDF و خەزنی بکەیت. باتری پێنووسەکە 14 کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لەم دواییانەدا لاپتۆپێکی جۆری ئولترابۆکم کڕیوە کە شوێنی DVD نییە، تەنیا فلاش دەخوێنێتەوە، ئێستا نازانم ویندۆزەکەم چۆن فۆرمات بکەمەوە، چونکە شوێنی CD یا DVD ویندۆزی نییە، ئایا پرۆگرامێك یا رێگا چارەیەك هەیە کە لەرێگای فلاش میمۆرییەوە ویندۆزەکەم فۆرمات بکەمەوە؟

خوێنەری بەڕێز، کاتێك کۆمپانیایەك ئامێرێکی وەك ئولترابوك کە لاپتۆپێکی بەبێ DVDیە بەرهەم دێنێت بیری لە رێگا چارەکەشی کردۆتەوە، بەڵێ رێگاچارەکە بەهۆی پرۆگرامی Win Setup From USBەوە ئەنجام دەدرێت. دەبێت لەســـەرەتادا ئەم پرۆگرامە بخەیە ناو کۆمپیوتەر و پاشان زۆر بە ئاسانی ئەو درایڤەی جا درایڤی C,D,E هەر درایڤێکە کە ویندۆزەکەی تێدایە بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە کۆپی دەکەیە ناو فلاش میمۆرییەك کە لە پێشدا بۆ ئەو مەبەستەت داناوە، ماوەیەکی پێدەچێت تا ویندۆزەکە کۆپی دەبێتەناو فلاش میمۆرییەکە پاشان بەئاسانی دەکرێت دوای فۆرماتکردن دایبەزێنییەوە ناو لاپتۆپەکە، ئەو فلاشە دەبێت بوت و ئەرکی فۆرماتکردن ئەنجام دەدات.



## خزمەتگوزارییە نوێیەکەی ڤایبەر هەڕەشەیە بۆ کۆمپانیاکانی مۆبایل

ڤایبەر سیستەمێکی پەیوەندی کردنە بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان، کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەکرێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پرۆگرامی ڤایبەر لەسەر مۆبایلەکەیانە بێ بەرامبەر قسە بکەی، ئەم سیستەمە خزمەتگوزارییە بۆتە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری مۆبایل و زیانێکی زۆری مادی بەو کۆمپانیایانە گەیاندووە. بەڵام ئەمجارەیان هەڕەشەکەی جیدی ترە، چونکە خزمەتگوزارییەکی نوێ لە ڤایبەری نوێدا هەیە بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لەم خزمەتگوزارییە مانگانە دەبێت 5 دۆلار بدەی، ئەویش ئەوەیە کە بەبێ ئەوەی هیچ تێچوویەك واتە (وحدە)یەك، مانگانە بۆ هەر شوێنێکی جیهان بتوانی قسە بکەی تەنانەت بۆ ئەو ژمارە مۆبایلانەی کە ئەو سیستەمەشیان لەسەر نییە. بۆ یەکەمجار ئەو خزمەتگوزارییە بێ بەرامبەر بۆ لافاوەکەی فلیپین بەکار هات ئێستا کۆمپانیای ناوبراو نیازی هەیە لە هەموو جیهاندا سوودی لێوەربگرێت. ڤێرژنی 4ی ڤایبەر ئەم تایبەتمەندییە نوێیانەی تێدایە:

- ڕێکخستنی ڕووناکی شاشە لەکاتی وەرگرتنی کورتەپەیامدا.
- ناردنی کورتەپەیام بۆ هەموو ژمارەیەك، هێڵی ئینتەرنێتی هەبێت و نەبێت.
- هەڵبژاردنی وێنەیەکی تایبەتی باکگراوەند بۆ پەیوەندییەکان.
- پێکەوە قسەکردن واتە بەستنی کۆنفرانس لەسەر ڤایبەر بە زیاتر لە 100 کەس، واتە سەد کەس پێکەوە دەتوانن گوێیان لە ڕاو سەرنجەکانی یەکتر ببێت.

## مۆبایل بۆ لابردنی زیبکەی دەموچاو





لەمەولا دەبێت هەر ڕۆژە دەستەواژەیەکی نوێ سەبارەت بە مۆبایل بزانین، وەك مۆبایل و پزیشکی، مۆبایل و کاری ڕۆژنامەوانی، مۆبایل و ئەرکی فۆتۆگرافی، مۆبایل ڕاهێنانی وەرزشی... دوایین داهێنانی تایبەت بەمۆبایل ئامێرەکە کە بە ئامێری ScanZ ناسراوە کە بەهۆیەوە دەکرێت پەڵە و زیبکەی دەموچاو لاببردرێن. ئامێرەکە تیشك بە شەپۆلی تایبەت لەسەر پێست دەدا تا وێنەیەکی دروست و تەواوی زیبکەکان بگرێت. پاش ئەوەی کە وێنەکەی گرتن زانیاریی تایبەت بە زیبکەکە بۆ مۆبایلێکی هۆشمەند بەڕێ دەکات. کاتێك مۆبایلەکە داتاکانی وەرگرتن، لەڕێگای پرۆگرامێك کە بۆ ئەم مەبەستەداندراوە، ڕێنوێنیە پزیشکییەکانی تایبەت بەو زیبکانە لەسەر شاشەکە دەردەکەون و بەبەکارهێنەرەکەی دەڵێت چ بکات و چ دەرمانێك بەکار بێنێت بۆ ئەوەی کە ئەو زیبکانە نەمێنن.

## سایتێک ئەرکی فۆتۆشۆپ ئەنجام دەدات



جار هەیە لەسەر کۆمپیوتەر کار دەکەی پێویستت بەوە هەیە کە وێنەکەت دەستکاری بکەی وەك گۆڕینی ڕەنگ، گۆڕینی سایز، یان گۆڕانکاری دیکە، بەڵام پرۆگرامی فۆتۆشۆپ یان پرۆگرامەکانی هاوشێوەی ئەو لەسەر کۆمپیوتەرەکەت نین، ئەی ڕێگا چارە؟

سایتی http://www.sumopaint.com/app/ ڕێگای چارەی ئەمەیە، چونکە هەموو ئەو ئەرکانەی بە فۆتۆشۆپ ئەنجام دەدرێن لەوسایتەدا بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجام دەدرێن. هەروەها دەکرێت وێنەی پێ بکێشیەوە چونکە گەلەری ئەم سایتە پڕە لە وێنەی کارتۆنی و ئەنیمەشن. خاڵی جێگای سەرنج لەو سایتەدا ئەوەیە کە چەند زمانێکی زیندووی جیهانی تێدایە و دەکرێت بەوزمانەی کە شارەزاتری بەو زمانە خزمەتگوزاریی سایتەکە بەکار بێنی.